
# کامەراساوروس
Camarasaurus = Kam – uh – ruh – saw- rus



کامەراساوروس

ناوی کامەراساوروس بە واتای دایناسۆری(چاڵ)دار ـ ە. هۆی ئەم ناوەش بوونی چاڵ و قوڵکەی مۆرەکانی پشتی ئەو گیاندارەیە، کە لەلایک بۆتە سەبەبی سووک بوونی کێشی جەستەی مەزنی و، لە بەرێکی تریشەوە ئەم ناو و پێناسەیەی بەسەر دابڕاوە.




(چاڵ)ی یەکێک لە مۆرەکانی پشتی کامەراساوروس.



چاڵ و قوڵکەی مەزنی مۆرەکانی پشتی کامەراساوروس ، کە بوونەتە هۆی سووکی سەنگ و کێشی ئەندامی ئەو .
نێودێرکردنی ئەم دایناسورەش هەر بە بۆنەی بوونی ئەم قوڵکە و چاڵە مەزنانەوە بووە، کە لە مۆرەکانی پشتی دا بەدی دەکرێن .

## تایبەتمەندی :


کامەراساوروس دایناسۆرێکی درشت هەڵکەوتەی گیاخۆر بووە لە بنەماڵەی ساورۆپۆد ـ ەکان، بەڵام لە باری درشتی و مەزنیی ئەندامیانەوە، سەر و ملیان بچووکتر لە سەر و ملی ئەندامانی تری بنەماڵەی ساورۆپۆدەکان بووە.



کامەراساوروس ـ ەکان گیاندارانی گیاخۆر بوون.

درێژیی کامەراساوروس ـ ەکان لە تەپڵی سەریانەوە هەتا ئاخر بەندی مۆرەی کلکیان نزیک بە (19 مەتر) ، بەرزیی بەژنیان نزیک بە(3 مەتر) و قورسایی جەستەیان نزیک بە 27000 کیلۆ مەزەندە کراوە.

سەرپشتی کامەراساوروسەکان ساف و ئاسۆیی، واتە هاوتەرازی زەوی بووە.



سەرپشتی کامەراساوروس ـ ەکان ڕێک و ساف و ئاسۆیی، واتە هاوتەرازی زەوی بووە.

قاچەکانیان ئەستوور و پێنج قامکی بوونە، کە قامکی نێوەڕاستی دەست و پێیان دا چەنگوڕێکی درێژ و تیژیان هەبوە.



فۆسیلی یەکێک لە قاچەکانی کامەراساوروس، کە نیشان دەدات قاچەکانیان پێنج قامکی بوونە .


## سەردەمی ژیانی کامەراساوروس ـ ەکان :

ئەم چەشنە دایناسۆرە لە ڕیزەی گیاندارانی دەوەری ژوراسیکی نوێ بوون، واتە لە 144 هەتا 154 ملیۆن ساڵ لەمەو بەر دا ژیاون. لە ساورۆپۆدەکانی هاوسەردەمی کامەراساوروس، دەکرێ دیپلۆدۆکۆس ، ئاپاتۆساوروس و براکیۆساوروس ناو بەرین. هەروەها چەشنەکانی ستەگۆساوروس، تۆجیانکاوساوروس، ئالۆساوروس، سوپەر ساوروس ، کۆێلۆساوروس و گەلێکی تریش لەو سەردەمە دا ژیاون.




## شێوەی ژیانی کامەراساوروس ـ ەکان:

فۆسیلی ئەم چەشنە دایناسۆرە، بە ورد و درشت و پیر و گەنجیانەوە لە یەک شوێن دا دۆزراونەتەوە. ئەمە وا دەگەیەنێت کە کامەراساوروس ـ ەکان پێکەوە و شان بەشان و هاوهەنگاوی یەکتر ڕۆیشتوون و ژیانی ڕەوەییان هەبووە.



کامەراساوروس ـ ەکان ژیانی شان بە شانیان بووە و پێکەوە ژیاون. ئەمە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان !! و دۆزینەوەی فۆسیلی ورد و درشتیان بۆ ئێمە دەرکەوتووە .

دۆزینەوەی فۆسیلی تێکڕایی ئەو گیاندارانە ئەمەش دەگەیەنێت کە منداڵەکانیان لە ترسی هێرشی گیاندارانی گۆشتخۆر، لە پەنای گەورەکاندا ژیاون و چاوی ئەوانیان بەسەرەوە بووە.




زارۆکێکی کال و کرچی کامەراساوروس ـ ەکان دە داوی دایناسۆرە گۆشتخۆرەکان کەوتووە .

## زه و زووی کامەراساوروس ـ ەکان :

کامەراساوروس ئەندامی بنەماڵەی مەزنی ساورۆپۆدەکان بووە و زە و زوویان لە ڕێی هێلکەوە بووە. ئەوانیش هەر وەک ساورۆپۆدەکانی تر، لە دەمی کۆچ کردن و لە ڕێبازاندا هێلکەیان کردووە و جێیان هێشتوون.
درێژیی تەمەنی کامەراساوروس ـ ەکان بە سەد ساڵ مەزەندە دەکرێت.



## خورد و خۆراکی کامەراساوروس ـ ەکان :

کامەراساوروس گیاندارێکی گیاخۆر بووە. ئەو گیاندارە مەزنەش بۆ بەڕێوەبردنی ئەندامی درشت هەڵکەوتەی خۆی، دەبوایە بە درێژایی ڕۆژ خەریکی لەوەڕ بێت. لە خواردن دا هەرچی گەڵا و گوڵ و بەرگ و بەری درەختەکان هاتۆتە بەر دەمی، بە ددانە شێوە کەوچکەکان دایان ڕنیوە و بە بێ جووتن قوتیان داوە. لەوانەیە لە نێو ئاشک و ڕیخۆڵەی ئەم چەشنە گیاخۆرەش دا وردەبەردی تایبەت بە خۆراک هاڕینەوەی تێدا بووبێت.



نمونەی فۆسیلەبووی یەکێک لە ددانەکانی کامەراساوروس. ددانەکانی ئەو گیاندارە گیاخۆرە، شێوەی کەوچک و بێڵچوکەی بووە.




پشتی پان و جەستەی درشت هەڵکەوتەی دایناسۆری
کامەراساوروس نیشان دەدات کە ئەو گیاندارە گیاخۆرە
دەبێ چەندەی خۆراک پێویست بووبێت .

خواردنی کامەراساوروس ـ ەکانیش وەک سەرجەم بنەماڵەی ساورۆپۆدەکان، زیاتر لە گەڵا و بەرگ و بەری داری سەوڵ و سنەوبەر بووە؛ بەڵام لە خواردنی گژ و گیای تریش ڕانەوەستاون و خواردوویانن.


دوو شەویلکەی ئەم چەشنە دایناسۆرە دوو ڕیز ددانی بەسەرەوە بووە، کە ددانەکان شێوەی کەوچک و بێڵچوکەیان بووە.



فۆسیلی بەشێک لە دوو شەویلکەی کامەراساوروس و ددانەکان

## ڕادەی فام و هۆشی کامەراساوروس ـ ەکان :

لەباری ڕادەی هۆش و فامەوە، سەرجەم بنەماڵەی ساورۆپۆدەکان لە پلەیەکی خوارووی فامدارەکاندا بوون.



## ڕەوت و ڕۆی کامەراساوروس ـ ەکان :


بەپێی خوێندنەوەی شوێن پێی فوسیلەبووی کامەراساوروس ـ ەکان، دەبێ ئەو چەشنە گیاندارە لە ڕێزەی دایناسۆرە تەپ و تەمبەڵەکاندا بووبن. فۆسیلی شۆێن پێی کامەراساوروس ـ ەکان شێوەی ڕەوت و ڕۆ، درێژیی قاچ و تەنانەت کێش و قورسایی جەستەی درشت هەڵکەوتەی ئەو گیاندارەشمان بۆ باس دەکەن.




فۆسیلی شوێن پێی دایناسۆرەکان، وەک پێناسەیەک دەتوانن کێش و قورسایی لەشیان، شێوەی ڕەوت و ڕۆیان ، درێژایی قاچ و قولیان و گەلێک شتی تریشمان بۆ ڕوون بکەنەوە.

## فۆسیلی کامەراساوروس ـ ەکان و شوێنگەی دۆزینەوەیان :


بەشێکی زۆر لە فۆسیلی ئەم چەشنە دایناسۆرە لە مەڵبەندەکانی (کۆلۆرادۆ ، نیومەکزیکۆ ، ئۆتاوا و وایۆمینگ) لە وڵاتانی ئەمریکای باکوور دۆزراونەتەوە. کامەراساوروس، لە ساڵی 1877، لەلایەن دێرینەناسێک بەناوی (ئەدوارد درایینکەر کۆپ.Edward Drinker Cope ) خوێندرانەوە و ناویان لێ نرا.





ئەدوارد دراینکەر کۆپ

چەند نموونە لە فۆسیلی کامەراساوروس :



وێنەیەک لە چوارئێسکەی کامەراساوروس و شێوەی ڕاوەستان و ڕۆیشتنی.



کاماراساوروس ـ ێک هەر بەو جۆرەی کە ملیۆنان ساڵ بەر لە ئێستاکە کەوتووە و مردووە، هەویری نیشتەمەنی و بەسەرکشاوە و لە پرۆسەیەکی دور و درێژ دا دەگەڵ نیشتەمەنییەکە بۆتەوە بەرد و بۆ ئێمە ماوەتەوە ·



فۆسیلی کەللەسەر و شەویلکە و
ددانەکانی کامەراساوروس .



فۆسیلی کامەراساوروس ـ ێک لە دڵی تاشەبەردی ڕەوزێکدا



چەند گرێی مل و کەللەسەر و دەم و ددانەکانی کامەراساوروس ـ ێک .



فۆسیلی چەند دەنکە ددانی کامەراساوروس ـ ەکان



فۆسیلی ئێسقانی پشتی کامەراساوروس ـ یێک



فۆسیلێکی تەوا بەژنی دایناسۆری کامەراساوروس

# ڤەلۆسایراپتۆر
Velociraptor = vel – os – ih – Rap – tor




تایبەتمەندی :
ڤەلۆسایراپتۆر دایناسۆرێکی چالاکی توندەپێ بووە، کە دوو قاچی درێژ و کلکی ڕەپ و ڕاست و بەتواناکەی لە غاردان و وەرسووڕانەوە و هێرش بردن دا یاریکاری بوون. دوو شەویلکەی پان و تەخت و درێژووکەی ڤەلۆسایراپتۆر سەرجەم 80 ددانی تیژیان بەسەرەوە بووە، کە هەر یەک لە ددانەکانی (2،5) سانتیمەتر درێژاییان بووە.




دوو شەویلکەی درێژ و بەتوانای ڤەلۆسایراپتۆرەکان سەرجەم 80 ددانی تیژ و قولاپییان بە سەرەوە بووە.

ملی ئەو چەشنە گۆشتخۆرە دڕندەیە ، کەمێک کەوانی و چەشنی پیتی (S)ی لاتینی بووە.



ملی کەوانی و کلکی ڕەپ و ڕاستی ڤەلۆسایراپتۆر

باسکەکانیان کورت و سێ قامکی بوون، کە هەر قامکەش نینۆکێکی چەنگوڕداریان بەسەرەوە بووە. بەڵام قاچەکانیان درێژ و چوار قامکی و، قامکی نێوەڕاستیان چەنگوڕێکی تیژ و درێژ و قایمی بەسەرەوە بووە. درێژایی هەر یەک لە چەنگوڕە

تیژەکانی 9 سانت، کە بە چەشنی (داس) هاڵگەڕاوەوە بوون. لە ڕاستیدا ئەو چەنگوڕانە چەکی شەڕ و بەرگری و گرتن و هەڵدڕینی گیاندارانی گیاخۆر بوونە.



سیستەمی قاچ و نینۆک و چەنگوڕەکانی ڤەلۆسایراپتۆر



چەنگوڕێکی قاچی ڤەلۆسایراپتۆر

درێژایی لەش و لاری ئەو چەشنە ديناسۆرە یەک و نیو هەتا دوو مەتر، بەرزایی بەژنیان نزیک بە یەک مەتر و کێش و قورسایی جەستەیان 15 کیلۆ مەزندە کراوە. درێژایی کاژەڵەی سەری ڤەلۆسایراپتۆرەکان 18 سانت، کە لە بەراوەرد دەگەڵ

دایناسۆرەکانی تر دا، مێشکێکی زیاتر لە کاژەڵەی سەرەیاندا بووە. وا دەردەکەوێت کە ڤەلۆسایراپتۆر لە بنەماڵەی دایناسۆرە هۆشمەندەکان بوون.




سیستەمی کاژەڵەی سەر و دوو شەویلکەی درێژی ڤەلۆسایراپتۆرەکان.



نمای دەست و پەنجە و قاچ و چەنگوڕە تیژەکانی ڤەلۆسایراپتۆر

نەخشی تایبەتی کلکی ئەو گیاندارە لە غاردان و هەڵبڕینی نێچیر و پێچ و خوڵ خواردن و وەرچەرخانەوە دا، ئەو توانایەیان پێ بەخشیوە کە چالاک و بە مانۆڕ بێ لە ڕاوکردندا.



کلکی ڤەلۆسایراپتۆرەکان لە ڕاکردن و گەڕانەوە و پێچ و خوڵدا وەک سوکانێکی بەمەتمانە بوون .


## سەردەمی ژیانی ڤەلۆسایراپتۆرەکان :

ئەو چەشنە دایناسۆرە و خزمەکانیان لە دەورەی کرەتاسێ، واتە 80ـ 85 ملیۆن ساڵ پێشتر لە ئێستاکە ژیاون. خزمەکانی ئەو چەشنە دایناسۆرە بریتی بوون لە: (کالی میموس)ەکان، (ئۆڤیراپتۆر)ەکان، (ئەدمۆنتۆساوروس)ەکان، (مایاساوروس)ەکان و (ساورۆلۆفوس)ەکان.




## شوینی ژیانی ڤەلۆسایراپتۆرەکان :

ئەو چەشنە دایناسۆرە لە کەنارەی چۆم و روباری مەڵبەندە گەرم و ویشکەکان دا ژیاون. زۆربەی فۆسیلی فەلۆسایراپتۆرەکان لە دەشتە گەرمەکانی مەنگۆلیا و چین و روسیا دۆزراونەتەوە.




شوێنی ژیانی ڤەلۆسایراپتۆرەکان

یەکەمجار لە ساڵی 1924ی زایینی دا دێرینەناسێک بە ناوی H.F.Osborn لە بیابانەکانی مەنگۆلیا دا ژمارەیەکی فۆسیلی ئەو دایناسۆرەی دۆزییەوە.



H.F.Osborn

## خورد و خۆراکی ڤەلۆسایراپتۆرەکان :

فەلۆسایراپتۆرەکان گۆشتخۆرانێکی دڕندە بوون، کە لە کاتی برسی بوونیاندا هیچ گیانداریکیان نەپاراستووە و هەرچی هاتۆتە بەر دەمیان و ددانیان کاری لێکردووە، ڕاویان کردووە و خواردویانە، بگرە تەنانەت گیانداری لە خۆیشیان مەزنتر.




هێرشی (ڤەلۆسایراپتۆر)ێک بۆ سەر (پرۆتۆسەراتۆپس)ێک.

یەکێک لە فۆسیلەکان کە لە ڕاستی دا تابڵۆی شەڕی دەستەویەخەی داینـاسۆری (ڤەلۆسایراپتۆر) و (پرۆتۆسەراتۆپس)ێکە و، هەروەها دوو کەللە سەری دوو بەچکە داینـاسۆر، کە لە نزیک هێلانەی داینـاسۆرێک بە ناوی oviraptorid لە مەنگۆلیا دۆزراونەتەوە.




داینـاسۆری چـەشنی Oviraptorid

ساڵی 1971 دوو فۆسیلی چەشنی ڤەلۆسایراپتۆر و چەشنی پرۆتۆسەراتۆپس پێکەوە و بە چەشنێک دە پاڵ یەکتر دا دۆزراونەتەوە، کە بە ئاشکرا دەنوێنێت لە کاتی هێرش و بەرگری دا هەردووکیان یەکتریان کوشتبێت و پێکەوە مردبن.
لەم هیرشەدا، یەکێک لە چەنگوڕەکانی ڤەلۆسایراپتۆر لە ژێر ئەوکی نێچیر دا گیرساوە و ئەویش لە جوابەجەنگی دا دەستی ئەوی لە ژێر ددانددا ڕاگرتووە.




دەستی ڤەلۆسایراپتۆر لە ناو دەمی پرۆتۆسەراتۆپس دا.



فۆسیلی ڤەلۆسایراپتۆر و(پرۆتۆسەراتۆپس)ێک دەپاڵ یەکتردا. لەو شەڕ و بەرگرییەدا، چەنگوڕی ڤەلۆسایراپتۆرەکە لە ژێر ئەوکی ئەم دا گیرساوە و (پرۆتۆسەراتۆپس)ەکەش دەستی ئەوی لە بن دداندا ڕاگرتووە. لە ئاکامدا هەردوویان پێکەوە مردوون و بوونەتە فوسیل.

## چەند نموونە لە فۆسیلی ڤەلۆسایراپتۆر :




فۆسیلی سەر و ددان و بەشێک لە
ملی ڤەلۆسایراپتۆر



فۆسیلی کەللەی سەر و دوو شەویلکە و ددانەکانی ڤەلۆسایراپتۆر



ئاسەواری فۆسیلی ڤەلۆسایراپتۆر لە مەنگۆلیا



فۆسیلی پەنجە و چەنگوڕێکی ڤەلۆسایراپتۆر



فۆسیلی بەشێک لە شەویلکەی ڤەلۆسایراپتۆرێک




چوارئێسکەی ڤەلۆسایراپتۆرێک

گیگانتۆساوروس کارۆلینی
Gigantosaurus Caroliny




تایبەتمەندی :

گیگانتۆساوروس کارۆلینی بەواتای(خشۆکە دایناسۆری دێو پەیکەری) باشوورە.
ڕۆبین کارۆلینی، پیشەسازێکی میکانیکی ئەرژەنتینایی بووە، کە لە کۆکردنەوەی فۆسیلی دایناسۆرانیش دا چالاک بووە. کارۆلینی بە هەڵکەوت، یەکەمین فۆسیلی گیگانتۆساوروسی دۆزیوەتەوە و هەر بەیادی ئەو و بە مەبەستی ڕێزلێنان لەو، ناوی (کارۆلینی) بووەتە دوا ناوی ئەو دایناسۆرە .




لە ڕاستی دا ئەو دایناسۆرە گۆشتخۆرە دێو پەیکەرە، باڵابەرزترینی دایناسۆری گۆشتخۆرە کە فۆسیلەکەی دۆزراوەتەوە و هەتا ئێستا ناسراوە. درێژایی جەستەی نزیک بە 14 مەتر، بەرزایی باڵاکەی لە ئاستی ڕانەوە هەتا تەپڵی سەری، نزیک بە 4 مەتر و کێش و قورساییەکەی نزیک بە 8 تۆن(تەن) بووە.
ئەو دایناسۆرە لە سەر دوو پێیان ڕۆیشتووە و دەستەکانی زیاتر بۆ گرتن دەکار هێناوە.

کەللە سەری نزیک بە 2 مەترەی ئەو دایناسۆرە، مێشکێکی تێدا بووە کە لە دەنکە مۆزێک گەورەتر نەبووە.




## وردە بابەت دەربارەی گیگانتۆساوروس :

گیگانتۆساوروس گیاندارێک بووە کە لە سەر دوو قاچان ڕاوەستاوە و ڕۆیشتووە و ڕای کردووە. بەپێی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی شوێن پێی ئەو دایناسۆرە، دەرکەوتووە کە گیانداریکی چابوک و چالاک بووە لە ڕاکردن دا.




کلکی باریکی گیگانتۆساوروس لە دەمی شوێن هەڵگرتنی نەچیرەکانی دا دەوری سوکانێکی باش و بەماتمانەی هەبووە لە ڕاکردن و وەرچەرخانەوەی کوتوپڕی دا.




GIGANOTOSAURUS
گیگانتۆساوروس و شێوەی ڕاوکردنی



## شوێنی دۆزینەوەی فۆسیلی گیگانتۆساوروس :

ساڵی 1994 ی زایینی(ڕۆبین کارۆلینی)، پیشەوەرێکی بەشی میکانیکی ئەرژەنتینی ، بۆ یەکەمجار فۆسیلی ئەو چەشنە دایناسۆرەی دۆزییەوە.دوای ئەو ساڵەش کەسێک بە ناوی ڕۆدۆلفۆ کوریا (Rodolfo Coria)، دیرینەناسی مۆزەخانەی کارمەن فۆنس لە



ڕۆدۆلفۆ کۆریا، دیرینەناسی ئەرژەنتینی و نێولێنەری دایناسۆری چەشنی گیگناتۆساوروس

شاری نیۆکۆئەن ـ ی ئەرژەنتینا، لە ناوچەی پاتاگۆنیا دا فۆسیلی ئەو چەشنە دایناسۆرەی دۆزییەوە. بەڵام بۆ زیندوو ڕاگرتنی ناوی یەکەم دۆزەرەوەکەی، ناوی (گیگانتۆساوروس کارۆلینی) لە ساڵی 1995 بۆ ئەو چەشنە دایناسۆرە هەڵبژێردرا.
شوینی ژیان و جیگای دۆزینەوەی گیگناتۆساوروس کارۆلینی ناوچەی پاتاگۆنیای ئەرژەنتینایە لە ئەمریکای باشوور دا بووە.
ساڵی 1994 فۆسیلی ئەو چەشنە دایناسۆرە لە ژێر خاک هێنرایە دەر، کە هەتا ئێستا 70% ئەندامە فوسیلەبووەکانی کەوتۆتە دەست زانایان و مۆنتاژ کراونەتەوە. هەر لە نزیک ئاسەواری فۆسیلەکانی ئەو دایناسۆرە، فۆسیلی گیانداریکی گیاخۆری مەزنیش دۆزراوەتەوە، کە وێدەچێت نەچیری گیگانتۆساوروس بووبێت.



## سەردەمی ژیان و گەشەی گیگانتۆساوروس :


گیگانتۆساوروسەکان (ترۆپۆد )ێک بوون لە دەورەی کرەتاسیوسی نێوەند دا پەیدا بوون و هەتا ئاخر و ئۆخری دەورانی مەزۆزۆییک ، بەردەوام لە ژیان دا ماونەتەوە.



## چەند نمونە لە فۆسیلی گیگانتۆساوروسەکان :



فۆسیلی ددانێکی گیگانتۆ ساوروس



بەشێک لە ئەندامی فۆسیلەبووی گیگانتۆساوروس





© Pamela Gore, 2001

# لامبیۆساوروس
# Lambeosaurus = Lam – bee – o – saw – rus




تایبەتمەندی:

لامبیۆساوروس پۆپەیەکی ئێسقانیی نێوئاخن بەتاڵیان بە سەرەوە بووە کە بە چەشنی تانجێک، بەرەو پێشەوەی سەریان لار ببۆوەوە.




لە دەروونی ئەو تانجەدا، گرانبارترین سیستەمی کۆنترۆلی کارو کردەوەی ڕۆژانەی ئەو گیاندارەی تێدا کۆپێ بووبوو. ئەو سیستەمە بە چەشنی سوکانی بەڕێوەبردنی ژیانی لامبیۆساوروس دەورێکی سەرکییان گێڕاوە. بۆوێنە، لە دەنگ و بانگ کردنی یەکتر، لە بۆن کردن و لە دۆزینەوەی جووت و پێک بڕان و لێهاتنی نێر و مێیەکان دا کارکردی بەنرخی بووە.

دوو کونی لووتی لامبیۆساوروس هەر لە درێژەی ئێسقانی تانجەکەیاندا بووە و لە میکانیزمی نێو تانجەکەش فەرمانی وەرگرتووە و بۆنی دنیای دەرەوەی پێکردووە. شایانی باسە بگوتری ، تانجی سەری نێرەکان لە هی مێیەکان گەورەتر بووە.




دەمی لامبیۆساوروس باریک و لە ئاخر بەشی دەمی دا وەک دەندوکێکی پان و مەزن و بە شیوەی دەندوکی مراوی، بەسەر یەکدا تەپیبوونەوە.


لە باری توانای بینین و هێزی بیستن، لامبیۆساوروس گیاندارێکی یەکجار زۆر بەتوانا بووە. بەڵام لەباری ئەندامی شەڕ و بەرگری کردندا هیچ تواناییەکی ئەوتۆی پێ نەبرابوو. هەربۆیە زۆرجاران کەوتۆتە بەر هێرشی گیاندارە گۆشتخۆرەکان.



مێژولکەی دۆزینەوەی فۆسێلی لامبیۆساوروس :

( لامبیۆساوروس) لە دوو وشەی(کرۆکۆدیل) و ( لامب) پێک هاتووە.

دوکتۆر ویلیام پارکس، یەکەم کەس بووە، کە لە ساڵی 1923 دا فۆسیل و پاشماوەی ئاسەواری ئەم چەشنە دایناسۆرەی دۆزیوەتەوە و بۆ ڕێزلێنان و زیندوو ڕاگرتنی ناوی دوکتۆر (لاورەنس لامب)ی کەنەدەیی، کە لە پێشڕەوانی دۆزینەوەی فۆسیلی ژینەوەرانی کەونارانی بووە، ئەم ناوەی بە بەژنی ئەم چەشنە دایناسۆرە بڕیوە.




دوکتۆر لاورەنس لامب


سەردەمی ژیان و گەشەی لامبیۆساوروس :

ئەم چەشنە دایناسۆرە لە دەروانی کرەتاسەی نوێ **Kretase** ، واتە نزیک بە 83 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا ژیانیان بردۆتە سەر.




دەور و بەری 65 ملیون ساڵ بەر لە ئێستا، کە سەردەمی تیداچوون و تونابوونی دایناسۆرەکان بووە، ئەم چەشنەش بەرەو نەمان ڕۆیشتووە.






## خورد و خۆراکی لامبیۆساوروس :

لامبیۆساوروس داینـاسۆرێکی گیاخۆر بووه، کە زیاتر لـه گژ و گیا و گەڵا و گوڵی دارو دەرختان، بەتایبەت لـه گەڵای داری سەوڵ و سنۆبەر کەڵکی وەرگرتووە.





مەڵبەندی جوگرافیایی ژیانی لامبیۆساوروس :
بەشی هەرە زۆری ئاسەواری فۆسیلی ئەم چەشنە دایناسۆرە، لە مەڵبەندی (مۆنتانا)ی ئامریکا، (باجاکالیفۆرنیا)ی مەکزیکۆ، و (ئالبەرتا)ی کەنەدە دۆزراونەتەوە.



شایانی باسە بگوترێ کە سەرەڕای فۆسیلی ئەم چەشنە دایناسۆرە، ئاسەواری شوێنپێ و هەروەها پێستی فۆسیلەبوویشی لە ولاَتانی ئامریکای باکوور دا دۆزراوەتەوە.



نموونەیەک لە پێستی فۆسیلەبووی دایناسۆر

قەوارەی جەستە و ڕادەی کێشی لەش و لاری لامبێئۆساوروس:



درێژایی بەژنی لامبیۆساوروس( لە تانجی سەریانەوە هەتا ئاخر بنەی کلکیان) لە نێوان (9ـ 15) مەتر و، کێشی لەشیان نزیک بە (6000) کیلۆ مەزەندە کراوە.

چەند نموونە لە فۆسیلی لامیۆساوروس:



فۆسیلی سەر و کەللە و دەم و لمبۆزی لامبیۆساوروس





وێنایەک لە سکلێت و ئێسقان بەندیی لامبیۆساوروس




شوێنەواری فۆسیلەبووی لامبیۆساوروس



وێنایەک لە هێلکەی دایناسۆر



فۆسیلی بەشێک لە ئەندامەکانی دوو لامبیۆساوروس

........................